سەگ رایکردو

خاوەنەکەی بەدوایدا، تا سەگەکە قاچی لە بەردێك گیرا، بەدەماکەوت و قوقەخان لە قورگی دەرپەڕی. قوقەخان رۆیشت و خۆی لە ناو قورگی باخەوانەکەدا قایم کرد. باخەوانەکە ویستی هاتو هاوار بکات، بەڵام دەستیکرد بە قوقاندن. دراوسێکانی لە دەوری کۆبونەوەو وایانزانی نەخۆش کەوتووە، چوون پزیشکیان بۆ هێنا. پزیشکەکە وتی: **دەبێت رۆژی سێ کەوچك دەرمانی تاڵ بخوات.**

کـــە یەکەمین کەوچکی دەرمانەکە بە قورگی نەخۆشەکەدا چووە خوارەوە، قـــوقـــەخان خەریك بوو ببوریتەوە، بۆیە بە خـــۆی وت **" ئیتر ئێرە بە کەڵکی مانەوە نایە"** ئنجا لە قورگی باخەوانەکە دەرپەڕی و لە شوێنێکدا لـــێیدانیشت. بیری لـــە خۆی کردەوە، چی بکاتٚ و بۆ کـوێ بچێ! سەرەنجام بۆی دەرکەوت کە قورگی مـــام کەڵـــەشێر لە هەموو شوێنێـــك باشترە. بۆیە لە هـــەمان ئـەو رێگەیەی کە لـــێوەی هاتبوو گەڕایەوەو راســـتەوخۆ چووەوە ناو قورگی مام کەڵەشێرەوە.

کـــەڵەشێریش هەر کە زانی دەنـــگی گەڕاوەتەوە، بە پەلە دەســـتیکرد بە قوقانـــدن. ئەوەندەی خوێند کـــە دراوسێکانی هاواریان لێ بەرزبۆوەو پێیان وت کـــە لە ناکاتدا نەخوێنێ. سەرەنجام مام کەڵەشێر بەڵێنی بە خۆی و بە هەمووان دا کە چیتر لە ناکاتدا نەخوێنێ. ئیتر قوقەخان بە خۆشییەوە لەسەر جێگەکەی خۆی مایەوەو هەموو تەمەنی بە خۆشی بەسەربرد.

و. لە فارسیەوە سەرهەنگ عەبدولڕەحمان
وێنە: سەرتیپ فەتاح